Statens institutions styrelse SiS

## بۆ تۆ کە بە مانەوە لە بنکەی داخراوی چاودێریکردنی گەنجان حوکم دراویت

تۆ تاوانێکت کردووە بەڵام لەبەرئەوەی تەمەنت کەمە، لەبریی زیندان، بە مانەوە لە بنکەی داخراوی چاودێریکردنی گەنجان حوکم دراویت. لەبەر ئەوەیە کە هاتوویت بۆ یەکێک لە ماڵە تایبەتەکانی (SiS) بۆ گەنجان. لێرە چاودێری و چارەسەر دەکرێیت، بۆ ئەوەی لەسەر تاوانکردن بەردەوام نەبیت.

لە سەرەتای مانەوەکەتدا، لێرە لەلای ئێمە، بۆت نییە بچیتە دەرەوەی ئەو بەشەی تێیدا دەژیت ئەگەر کارمەندێکت لەگەڵدا نەبێت.

لە ماڵی گەنجان، کارمەند (یاریدەدەری چارەسەرکردن)، مامۆستا، دەروونناس، پەرستار (سستەر) و کەسانی تری لێیە. هەموویان لە پلاندانانادا بۆ چارەسەرکردنت و ئامادەکاری بۆ بەربوونت، یارمەتیت دەدەن، و لەگەڵتا، ئەوە دەنووسنەوە کە پێی دەوترێت پلانی بەجێگەیاندن. کارمەندەکان زیاترت لەم بارەیەوە بۆ باس دەکەن.

گرنگە کە پەیوەندیت لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتییەکەتدا هەبێت تا یارمەتیی پێویستت بدات لە ئامادەکاریدا بۆ بەربوونت.

لەو ماوەیەدا کە لای ئێمە دەمێنیتەوە، یارمەتیت دەدەین بۆ ئەوەی، پاش ئەوەی سزاکەت تەواو دەکەیت، بگەڕییتەوە ناو کۆمەڵ. ئەمە ئەوە دەگەێنێت کە وردە وردە دەشێت بخرێیتە بەشێکی کراوەوە. ئەگەر شیاو بێت، دەکرێت ڕێگات پێ بدرێت بچیتە دەرەوەی ماڵەکەش، بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە خوێندنگەیەکی ئاساییدا بخوێنیت یان لەسەر کارێک پرۆڤە بکەیت. ئەمەش پێی دەوترێت ڕێخۆشکردن بۆ بەربوون (utslussning).

**مافی خوێندنەوەی ئەوەت هەیە کە کارمەندەکان لەبارەتەوە دەینووسن**

کارمەندەکان، ئەوەی کە لە چارەسەرکردن و چاودێریکردنتدا ڕوو دەدات لە مەلەفەکەتدا (پەروەندەکەتدا) دەینووسن. گرنگە هەر شتێک پەیوەندی بە تۆوە هەیە لەوێدا بنووسرێت، بۆ ئەوەی تۆ و کارمەندەکان ببینن کە مافی خۆت لە چاودریکردن وەردەگریت. تۆ مافی خوێندنەوەی ئەوەت هەیە کە لەسەرت دەنووسرێت. ئەگەر پێت وایە کە زانیارییەک هەڵەیە، ئەوا دەبێت کارمەندەکان ئەمە دەستنیشان بکەن و لە مەلەفەکەتدا بینووسن. ئەگەر دەتەوێت بزانیت دامەزراوەکە چ زانیارییەکان دەربارەی تۆ هەیە و چۆن ئەم زانیاریيانە بەکاردەهێنرێن، ئەوا پرسیار لە سەرۆکی دەمەزراوەکە بکە.

## کارمەندەکان بۆیان هەیە ڕێگەچارەی زۆرەملێ بەکاربهێنن

بۆ ئەوەی تۆ و گەنجەکانی تر و کارمەندەکان ژینگەیەکی ئاسوودە و دڵنیاتان هەبێت، کارمەندەکان بۆیان هەیە لە هەندێک باردا ڕێگەچارەی زۆرەملێ بەکاربهێنن، کە ئەمەش پێی دەوترێت دەسەڵاتی تایبەت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە کارمەندەکان بۆ نموونە دەتوانن بڕیار بدەن کە بۆت نەبێت تەلەفۆن بۆ کەسێک بکەیت یان شتێکت لێ زەوت بکەن کە بۆت نەبێت لە ماڵەکەدا پێت بێت.

ئەگەر کارمەندەکان ڕێگەچارەی زۆرەملێیان بەکارهێنا، دەبێت هەمیشە بۆت ڕوون بکەنەوە بۆچی ئەم ڕێگەچارەیە دەگرنە بەر. هەروەها دەبێت بە نووسراویش بڕیارەکەت بدەنێ.

**ڕێگریکردنت لە بەجێهێشتنی ماڵی گەنجاندا**
ئەگەر هەوڵی بەجێهێشتنی ماڵی گەنجان بدەیت، ئەوا کارمەندەکان مافیان هەیە ڕێت لێ بگرن. ئەوان دەتوانن بۆ نموونە بتگرن بۆ ئەوەی بتهێڵنەوە.

**تەلەفۆنکردن**
لە کاتی دیاریکراوی ماڵی گەنجان بۆ تەلەفۆنکردندا، دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت و تەلەفۆنیشت بۆ بکرێت. بەڵام کارمەندەکان، هەندێک جار، دەتوانن پەیوەندیت لەگەڵ کەسێکدا لێ قەدەغە بکەن. ئەمەش دەشێت، بۆ نموونە، لەبەرئەوە بێت کە بۆ خۆت باش نەبێت پەیوەندیت لەگەڵ ئەو کەسەدا هەبێت. تۆ هەمیشە مافت هەیە کە پەیوەندی بە پارێزەر (محامی)ەکەت یان دەستگا حکومەتییەکانەوە بکەیت.

**سەردان**
خزمە نزیکەکانت (بۆ نموونە دایکوباوک و خوشک و براکانت) بۆیان هەیە زۆربەی کات سەردانت بکەن. ئەگەر شیاو بێت، بۆت هەیە کەسانی تریش سەردانت بکەن. کارمەندەکان بۆیان هەیە سەردانت لێ قەدەغە بکەن، ئەگەر پێیان وا بێت کە سەردانەکان بە شێوەیەک کارت تێ دەکەن کە بۆ خۆت باش نییە.

**نامە**
هەمیشە بۆت هەیە کە نامە و پاکەت بنێریت و بۆشت بێت، بەڵام ئەگەر کارمەندەکان پێیان وابێت کە ئەو نامانەی کە دەینێریت بۆ، یان لە کەسێکی دیاریکراوەوە بۆت دێن، بە شێوەیەک کارت تێ دەکەن کە بۆ خۆت باش نییە، ئەوا بۆیان هەیە نامەکان بخوێننەوە. کارمەندەکان بۆشیان هەیە کە ئەو نامە و پاکەتانە بپشکنن کە بۆت دێن یان دەیاننێریت، ئەگەر گومانیان هەبێت کە شتێکیان تێدا بێت کە بۆت نەبێت لە ماڵی گەنجاندا پێت بێت (بۆ نموونە مادەی هۆشبەر (حەشیشە) یان شتێک کە بتوانیت خۆت یان کەسانی تری پێ بریندار بکەیت). هیچ کەسێک بۆی نییە ئەو نامانە بکاتەوە و بخوێنێتەوە کە دەیاننێریت بۆ پارێزەر یان دەستگای حکومەتی یان لەوانەوە بۆت دێن، ئەگەر خۆت نەتەوێت.

**پشکنین و پشکنینی لەش**
کە یەکەم جار دێیت بۆ لامان یان کاتێک لە دەرەوە بوویت و دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەکە، کارمەندەکان بۆیان هەیە جلوبەرگ و جانتاکانت بپشکنن (پشکنین). هەروەها کارمەندەکان بۆشیان هەیە داوات لێ بکەن خۆت ڕووت بکەیتەوە بۆ ئەوەی ببینن کە هیچ شتێکت نەشاردۆتەوە لەژێر جلەکانتەوە (پشکنینی لەش). ئەگەر کارمەندەکان گومانیان هەبێت کە شتێکت پێیە کە ڕێگەپێدراو نییە لە ماڵەکەدا (بۆ نموونە پاش ئەوەی کە یەکێک سەردانی کردوویت)، ئەوا ئەو دەمیش بۆیان هەیە کە بتپشکنن یان لەشت بپشکنن. هەروەها بۆشیان هەیە ژوورەکەشت بپشکنن، تا بزانن شتێکت هەیە کە بۆت نییە هەت بێت.

**بۆمان هەیە ئەو شتانەی کە بۆت نییە لە ماڵەکەدا هەتبێت، لای خۆمان گل بدەینەوە**
ئەگەر شتێکت هەبێت کە مەترسیدار بێت بۆ خۆت و ئەوانەی کە لە ماڵەکەدان، بۆ نموونە چەقۆ یان شتێکی تر کە بشێت وەکو چەک بەکاربهێنرێت، ئەوا دەبێت کارمەندەکان لێت بسەنن. ئەمەش بە دەستبەسەراگرتنی شتومەک ناو دەبرێت. کارمەندەکان بۆشیان هەیە دەست بەسەر پارە، کارتی بانک و مۆبایلیشدا بگرن، ئەگەر پێیان وابێت کە دەکرێت تۆ ئەو شتانە بە شێوەیەک بەکاربهێنیت کە باش نەبێت بۆ خۆت و بۆ گەنجەکانی تر. کاتێک کە بەر دەبیت، شتەکانت وەردەگریتەوە. ئەگەر بۆ نموونە کحول (مەشرووب) یان مادەی هۆشبەرت پێ بێت، ئەوا دەبێت کارمەندەکان لێت بسەنن و لە ناوی ببەن.

**فەحسی میز و فەحسی هەوای هەناسەدانەوە**

ئەگەر کارمەندەکان پێیان وابێت کە مەستیت (سەرخۆشیت) بە کحول یان حەشیشە، ئەوا پێویستە بۆ نموونە فەحسی میز یان فەحسی هەوای هەناسەدانەوە دابنێیت.

**چاودێریی تاکەکەسی (تایبەت)**

ئەگەر کارمەندەکان پێیان وابێت چاودێرییەکەت باشتر دەبێت ئەگەر هەموو کاتەکە گەنجەکانی تر نەبینیت، ئەوا دەتوانیت، ئەوەی کە پێی دەوترێت، چاودێریی تاکەکسی وەربگریت ئەودەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە بەشێکی تایبەت بە خۆت لە ماڵەکەدا دەژیت و هەمیشە کارمەندت لە نزیک دەبێت، بەڵام بۆت نابێت هەر کاتێک خۆت بتەوێت گەنجەکانی تر ببینیت.

**جیاکردنەوە**

ئەگەرتوندوتیژ یان سەرخۆش بیت بە کحول یان مادەی هۆشبەر، ئەوا کارمەندەکان دەتوانن جیات بکەنەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی کورت، بە لایەنی زۆرەوە 24 سەعات، دەبێت لە ژوورێکی تایبەتدا بیت کە کارمەندەکان بتوانن دەرگات لەسەر دابخەن. کارمەندەکان هەموو کاتەکە لە نزیکتن. هەر کاتێک هێمن بوویتەوە، بۆت هەیە بگەڕێیتەوە بۆ بەشەکەی خۆت.

**مۆڵەت (ئیجازە)**

ئەگەر بەگوێرەی پلانی بەجێگەیاندنەکەت ڕەفتار بکەیت، ئەوا دەشێت پاش ماوەیەک مۆڵەت وەربگریت، چەندی کات دەوێت هەتا یەکەم مۆڵەت وەردەگریت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

سەرەتا مۆڵەتەکانت لەگەڵ یەکێک لە کارمەندەکاندا دەبێت. ئەگەر ئەم مۆڵەتانە بە ڕێکوپێکی بەسەر بەریت، ئەوا دەشکرێت بە تەنها ماڵەکە بە جێ بهێڵیت بۆ ئەوەی، بۆ نموونە، سەر لە خێزانەکەت بدەیت.

## مافی تانەدانت هەیە لە بڕیار

دەتوانیت، لە دادگا، تانە لە هەموو بڕیارێک بدەی کە سەبارەت بە تۆ دەرکراوە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە نامە دەنووسیت بۆ دادگا (دادگای کارگێڕی) و تێیدا دەنووسیت کە تۆ پێت وایە کە بڕیارەکە هەڵەیە و دەتەوێت بڕیارەکە بگۆڕدرێت.

**دەتوانیت تانە لەم بڕیارانە بدەیت:**

- بڕیاری دانانت لە کام ماڵی گەنجان.
- بڕیاری مۆڵەت پێ نەدانت.
- بڕیاری قەدەغەکردنی تەلەفۆنکردن و تەلەفۆن بۆکردنت.
- بڕیاری قەدەغەکردنی سەردان لێت.
- بڕیاری خوێندنەی نامەت و پشکنینی پاکەتت لەلایەن سەرۆکی دامەزراوەکەوە.
- بڕیاری دەستبەسەراگرتن و لەناوبردنی شتێک کە بۆت نییە لە ماڵەکەدا پێت بێت بۆ نموونە کحول و مادەی هۆشبەر.
- بڕیاری پشکنینت یان پشکنینی لەشت.
- بڕیاری ناچارکردنت بە دانانی فەحسی میز یان فەحسی هەوای هەناسەدانەوە.
- بڕیاری جیاکردنەوەت.

- بڕیاری چاودێریی تاکەکەسی.
- بڕیاری بەردەوامبوون لەسەر چاودێریی تاکەکەسی.

**بەم شێوەیە تانە لە بڕیارێک دەدەیت**

لەو کاتەوەی کارمەندەکان بڕیارەکەت دەدەنێ، سێ هەفتەت هەیە بۆ ئەوەی تانە لە بڕیارەکە بدەیت.

بنووسە تانە لە چ بڕیارێک دەدەیت و بۆچی پێت وایە بڕیارەکە هەڵەیە. هەروەها دەبێت ئیمزاشی بکەیت. دەتوانیت بەم شێوەیە بینووسیت:

من تانە لە بڕیارەکەی ڕۆژی *(ئەو ڕۆژە بنووسە کە لە بڕیارەکەدایە)* سەبارەت بەوەی کە بۆم نییە تەلەفۆن بکەم بۆ *(ناوی ئەو کەسە بنووسە کە بۆت نییە تەلەفۆنی بۆ بکەیت)*. من پێم وایە بڕیارەکە هەڵەیە چونکە *(بنووسە بۆچی پێت وایە بڕیارەکە هەڵەیە)*.

*(ناو و ئیمزای خۆت بنووسە)*

ئەگەر پێت وایە زەحمەتە ئەمە بنووسیت، دەتوانییت داوای یارمەتی لە کارمەندەکان بکەیت.

دەبێت تانەکەت لەلای سەرۆکی دامەزراوەکە بە جێ بهێڵیت و ئەو بڕیار دەدات کە ئەگەر بڕیارەکە بگۆڕدرێت.

ئەگەر سەرۆکی دامەزراوەکە خۆی بڕیارەکە نەگۆڕێت، ئەوا تانەکەت دەنێرێت بۆ دادگای کارگێڕی.

## مافی سکاڵاکردنت لە چاودێریکردنەکە هەیە

ئەگەر ناڕازیت لە شتێک لە ماڵەکەدا، ئەوا هەردەم مافت هەیە، لای کارمەندەکان یان لای یەکێک لەو دەستگایانەی کە چاودێریی ماڵەکە دەکەن، سکاڵا دەربېڕیت. نموونەی ئەو دەستگایانەش، سەرۆکایەتیی کاروباری کۆمەڵایەتی، دەستگای پشکنینی خوێندنگەکان و نوێنەری دادوەرییە. تۆ یان دایکوباوکت یان توێژەری کۆمەڵایەتییەکەت دەتوانن هەر کاتێک بتانەوێت سکاڵا دەربېڕن بەرامبەر چاودێریکردنەکە یان خوێندنگەکە.

نموونەی ئەو شتانەی کە دەتوانیت سکاڵا دەربېڕیت بەرامبەریان:

- بۆت نییە بەشدار بیت لە پلاندانان‌دا بۆ چارەسەرکردنەکەت.
- پێت وایە هەندێک لە کارمەندەکان بە هەڵە هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەن.
- مامۆستاکان لە خوێندنگەکە یارمەتی تەواوت نادەن.

**بەم شێوەیە بکە:**
تۆ خۆت بڕیار دەدەیت سکاڵا لای کێ بکەیت. بۆ نموونە دەتوانیت سکاڵا لەلای ئەمانە بکەیت:

- لێپرسراوەکەت، سەرۆکی بەشەکە، سەرۆکی دامەزراوەکە یان یەکێکی تر لە کارمەندەکان.
- سەرۆکایەتیی کاروباری کۆمەڵایەتی، دەستگای پشکنینی خوێندنگەکان یان نوێنەری دادوەری.

خۆت هەڵیدەبژێریت چۆن سکاڵاکەت دەربېڕیت. دەتوانیت نامە بنووسیت یان تەلەفۆن بکەیت .

ئەگەر دڵنیا نیت لەوەی کە چۆن دەکرێت، پرسیار لە لێپرسراوەکەت یان یەکێکی تر لە کارمەندەکان بکە. ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن لە نووسیندا یان لە وەرگرتنی کاتێکدا بۆت بۆ بینینی سەرۆکی دەمەزراوەکە و لە پەیداکردنی ناوونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی ئەو دەستگایەی دەتەوێت سکاڵای لەلا بکەیت.

ئەگەر نامە دەنووسیت، چاکترە ناو و ئیمزای خۆتی لەسەر بنووسیت. ئەودەم لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە ئاسانتر دەبێت چونکە ئەو کەسەی لێکۆڵینەوە دەکات دەتوانێت قسە لەگەڵ تۆ بکات.

**ژمارەی تەلەفۆنی سەرۆکایەتیی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو گەنجانەی کە لە ماڵی گەنجانن**
سەرۆکایەتیی کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارەی تەلەفۆنی تایبەتی هەیە بۆ ئەو گەنجانەی کە لە ماڵی گەنجانن. ژمارەی تەلەفۆنەکە (020-1200606) ە. دەتوانیت ڕۆژانی کار لە نێوان سەعات 8 ی بەیانی هەتا 6 ی ئێوارە تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەیە بکەیت. تەلەفۆنکردنەکەش بێبەرامبەرە (بەخۆڕاییە).

## مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی کەسەکیدا

SiS هەموو زانیارییەکانی پەیوەست بە چاودێریکردن و چارەسەرکردن، خوێندنگا و - لە هەندێک باریشدا - چاودێریی تەندروستی و  چاودێریی نەخۆش تۆمار دەکات. کارمەندەکان لە سیستەمێکی ئەلکترۆنیدا مەلەفەکان دەنووسن. لە مەلەفەکانت و لە هەندێک دۆکومێنتی تردا زانیاریی جیاجیا هەیە دەربارەی تۆ. دەشێت جگە لە ناو، ژمارەی کەسەکی و ناونیشان، زانیاریشی دەربارەی، بۆ نموونە، پلانی بەجێگەیاندنەکەت، ڕەوشی خوێندنت لە خوێندنگا یان زانیاری دەربارەی چاودێریی تەندروستی و چاودێریی نەخۆشی تێدا بێت. ئەگەر تەمەنت لە خوار 18 ساڵەوەیە، ئەوا زانیاریشمان دەربارەی سەرپەرشتیارەکانت لەلایە و ئەودەم دەبێت زانیاری بدرێت بەوانیش دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی کەسەکیدا.

لە یاسای زانیاریی کەسەکیدا ڕێسا هەیە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم زانیارییانەدا. تۆ مافت هەیە، ساڵی جارێک، داوا بکەیت کە زانیاریت دەربارەی ئەو زانیبارییانەی لەسەر تۆ هەمانە و چۆنێتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا پێ بدرێت. ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی زانیارییەکانی تایبەت بە تۆ، ئەوا نامەیەک بنووسە و ئیمزای بکە و بیدە بە سەرۆکی دامەزراوەکە .

ئەگەر هەڵەیەکت بەرچاو کەوت لەو زانیارییانەی کە دەربارەی تۆیە، ئەوا پەیوەندی بکە بە نوێنەری زانیاریی کەسەکییەوە لە ئۆفیسیSiS. ئەمە ناونیشانەکەیەتی

Statens institutionsstyrelse
Box 16363
103 26 Stockholm

ژمارەی تەلەفۆنی بەداڵە 00 40 453-010.